پێکهێنانی ئەنجومەنی سیاسی بۆ ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی سوریا بۆ دامەزراندنی دۆخێکی سیاسی فیدراڵی

سەرچاوەکانی ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایان کرد، ئاماژەکان نزیکە لە ڕاگەیاندنی پێکهێنانی دەستەیەکی سیاسی نوێ لەلایەن کەسایەتییە عەلەوییەکان لە پارێزگاکانی لازقیە و تەرتوس و بەشێک لە حومس و حەمما، بە ناوی "ئەنجومەنی سیاسی بۆ ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی سوریا".

ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەمڕۆ چوارشەممە بڵاویکردەوە، ڕاگەیەندراوی "ئەنجومەنی سیاسی عەلەوییەکان"، لە چوارچێوەی هەنگاوەکان دێت بۆ دامەزراندنی دۆخێکی سیاسی فیدراڵی بەگوێرەی پێوەری یاسایی و جوگرافییەکان کە پارێزگاکانی لازقیە و تەرتوس و بەشێک لە حومس و حەمما دەگرێتەوە.
سەرچاوەکان ڕوونیانکردەوە، ئامانج لەم هەنگاوە "دروستکردنی مۆدێلێکی مەدەنی و سێکولارە کە لەسەر بنەمای دادپەروەری و هاوڵاتیبون و مافەکانی مرۆڤ دامەزراوە، لەگەڵ پابەندبون بە بنەماکانی فیدراڵی و مافەکانی هەمو پێکهاتە تائیفی و نەتەوەییەکان".

زانیارییە بەردەستەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەنجومەنەکە کار لەسەر کۆنترۆڵکردنێکی ڕوون بۆ دەسەڵاتە جێبەجێکار و یاسادانان و دادوەرییەکان دەکات، و دڵنیابون لە بەشداری هەمو پێکهاتەکان لە پرۆسەی

سیاسیدا لە چوارچێوەی پێوەرەکانی شەفافیەت و لێپرسینەوەدا.

جگە لە چارەسەرکردنی دادپەروەریی، کە گواستنەوەی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ بۆ دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی، و کردنەوەی لێکۆڵینەوە پێویستەکان، و ئەگەری پێکھێنانی دادگایەکی تایبەت بە سوریا کە دادوەرانی سوری و نێودەوڵەتی لەخۆبگرێت، لەگەڵ دڵنیابون لە بەدواداچونی میدیا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕێکارەکان.